# ڕۆڵی ڕێنمایکاری پەروەردەیی لەهۆشیارکردنەوەی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لەشاری سلێمانی دەرباری مەترسی مادده هۆشبەرەکان

**هێژا عبدالله حمد**

بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخستن و زانینی ڕۆڵی ڕێنمایکاری پەروەردەیی لەهۆشیارکردنەوەی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لەشاری سلێمانی دەرباری مادده هۆشبەرەکان بەگشتی و بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز ولقی زانستی و قۆناغی خوێندن بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)، کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە سەرجەم خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لەسنوری پارێزگای سلێمانی، کە ژمارەیان (38523) خوێندکارە، نموونەی توێژینەوەکە پێک دێت لە (472) خوێندکار لەوانە (212) خوێندکار لە ڕەگەزی نێر، (260) خوێندکار لە ڕەگەزی مێ، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردران، توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێنا بەپێی سروشتی توێژینەوەکە، وێرای سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو و سەرچاوەکانی دیکە توێژەر فۆرمی ڕاپرسی ئامادەکرد بۆ پێوەری مادده هۆشبەرەکان، کەلە(28) بڕگە پێکهاتبوو، بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و شیاوی ئامرازەکە توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی بەسەر ژمارەیەک لە شارەزایان و پسپۆڕانی ڕێگاکانی وانە وتنەوە و پەروەردە و دەروونزانی ،دواتر بۆ دەرهێنانی جێگیری ئامرازەکە ڕێگەی بەنیوەکردن بەکارهێنا ،لەئەنجامدا دەرکەوت کە ڕێژەی ڕاستگۆیی لای شارەزایان بۆ پێوەری مادده هۆشبەرەکان بریتی بوو لە(92%).

دواتر جێبەجێکرا بەسەر نموونەی بنەڕەتی توێژینەوەکە و توێژەر دەستیکرد بە بەتاڵکردنەوە و شیکردنەوەی وەڵامەکانی خوێندکاران بە بەکارهێنانی بەرنامەی SPSS بۆ زانستەکۆمەڵایەتییەکان و خستنەڕووی ئەنجامی توێژینەوەکە لەگەڵ چەند دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەیەک، کە گرنگترین دەرئەنجامەکان بریتی بوون لە:

1. ئاستی ڕولی ڕێنمایکاری پەروەردەیی لەهۆشیارکردنەوەی ماده هۆشبەرەکان لای خوێندکارانی ئامادەیی لەقوتابخانەکانی سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی نزم دایە.
2. جیاوازی ئاماری نیيە لای خوێندکارانی ئامادەیی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر و مێ) بۆ پێوەری ماده هۆشبەرەکان.
3. جیاوازی ئاماری هەیە لای خوێندکارانی ئامادەیی بەپێی گۆڕاوی لقی خوێندن(زانستی-وێژەیی)بۆ پێوەری ماده هۆشبەرەکان کەلەبەرژەوەندی لقی خوێندنی زانستی دایە.
4. جیاوازی ئاماری نییە لای خوێندکارانی ئامادەیی بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن بۆ پێوەری ماده هۆشبەرەکان.

**کلیلە ووشەکان:** توێژەری کۆمەڵایەتی، هۆشیارکردنەوە، قۆناغی ئامادەیی، مادده هۆشبەرەکان.

## بەشی یەکەم
## ناساندنی توێژینەوەکە

### 1-1:پێشەکی

لەسەردەمی ئێستادا بڵاوبونەوەی مادده هۆشبەرەکان بووەتە دیاردەیەکی جیهانی، کە سنووری وڵاتان و کولتوورەکانی تێپەڕاندووە. کوردستان و بەتایبەتی شاری سلێمانی، وەک ناوچەیەکی ستراتیژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە دەرەوەی ئەم مەترسییە نییە. بەهۆی گۆڕانکارییە خێراکانی کۆمەڵگا، پەرەسەندنی تەکنەلۆجیا و کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگای کوردی بەرووی جیهاندا، گەنجان و بەتایبەت خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی زیاتر لە هەر کاتێک لە بەردەم مەترسی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مادده هۆشبەرەکان دان.

لەم چوارچێوەیەدا، سیستەمی پەروەردە دەبێت ڕۆڵێکی چالاک و کاریگەر بگێڕێت لە پاراستنی نەوەی داهاتوو. ڕێنمایکاری پەروەردەیی، وەک یەکێک لە گرنگترین کۆڵەکەکانی ئەم سیستەمە، دەتوانێت پردێک بێت لە نێوان زانیاری و پراکتیک، لە نێوان هۆشیاری و ڕەفتاری دروست. بەڵام پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە: تا چەند ئەم ڕۆڵە بە کاریگەری جێبەجێ دەکرێت لە شاری سلێمانی؟

کاریگەری مادده هۆشبەرەکان تەنها لەسەر تاکەکان نییە، بەڵکو کۆمەڵگا بە گشتی لە ڕووی ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەندروستییەوە زیانی گەورەی لێدەکەوێت. لێرەدا گرنگی ڕۆڵی ڕێنمایکاری پەروەردەیی دەردەکەوێت لە دروستکردنی بەربەستێکی بەهێز لە نێوان خوێندکاران و ئەم مادده زیانبەخشانە. ئەم ڕۆڵە دەتوانێت لە چەندین ڕەهەندەوە گرنگ بێت: پێدانی زانیاری دروست، پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، بەهێزکردنی کەسایەتی خوێندکاران، و فێرکردنیان بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ فشارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان.هەروەها، گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە ڕۆڵی ڕێنمایکاری پەروەردەیی تەنها لە چوارچێوەی قوتابخانەدا سنووردار نابێت. ئەم ڕۆڵە دەتوانێت کاریگەری لەسەر خێزان و کۆمەڵگاش هەبێت لە ڕێگەی هاوکاری و

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 1(2025) ؛ عدد الصفحات (12)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n1y2025.pp49-60
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 8 أيلول 2024؛ قُبل في 15 تشرين الأول 2024؛ نُشرت في 22 كانون الثاني 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف :hezha.hamad@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2025 هێژا عبدالله حمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ دایکان و باوکان و چالاکوانانی کۆمەڵگا. بەم شێوەیە، ڕێنمایکاری پەروەردەیی دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە ستراتیژیەتێکی گشتگیر بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەی مادده هۆشبەرەکان. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی وردتر و زانستیانەتر شرۆڤەی ئەم بابەتە بکات لە چوارچێوەی شاری سلێمانی، و تیشک بخاتە سەر ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر سەرکەوتن یان شکستی هەوڵەکانی ڕێنمایکاری پەروەردەیی لەم بوارەدا. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانن ببنە بنەمایەک بۆ دارشتنەوە و پەرەپێدانی سیاسەتە پەروەردەییەکان و بەرنامەکانی خوێندن بە شێوەیەک کە زیاتر کاریگەر و گونجاو بن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کێشە هەستیارە.

## ١-٢:کێشەی توێژینەوە-:

دیاردەی بەکارهێنان و بازرگانییکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە لە پاڵ تیرۆر و شەڕو برسیەتی ، یەکێک لە قەیرانە گەورەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە ، زۆرترین کێشەی بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دونیا دروست کردووە ، دیاردەی بەکارهێنان و بازرگانی کردنی ماددەی هۆشبەر بە کەڵک وەرگرتن لە گەشەی تەکنەلۆژیای زانیاری و پیشەسازی پەرەسەندنی بەرچاوی بە خۆوە دیوە ، بەم هۆیانەوە باندەکانی مافیا و بەکارهێنەران و بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان بە تەواوی لە جیهاندا بڵاو بوونەتەوە ، ئێستا وای لێهاتووە کە دیاردەی گیرۆدە بوون بە مادده هۆشبەرەکانەوە بە هەموو وڵاتاندا تەشەنەی کردووە .

لەگەڵ فراوانبوونی بازرگانیکردن ، بە مادده هۆشبەرەکانەوە لایەنە سیاسییەکان و ڕۆشنبیرەکان لە ئاستیدا کەم تەرخەمن ، لە کاتێکدا مەترسیدارترین دیاردەیەو هەڕەشەیە بۆ تێکچوونی شیرازەی خێزان و دواکەوتنی کۆمەڵگا ، تێکچوونی دۆخی ئاسایشی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕێگە خۆشکەر بوون بۆ بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەرەکانەوە و بڵاوبوونەوەیان لە ناو گەنجاندا ، بە تایبەتی ئێستا لە ناو چین و توێژەکانی لاوان و قوتابیان و مێرد منداڵاندا ڕوو لە زیاد بوون دەکات.

بەکار هێنان و بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەر کاریگەری زۆر خراپی لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی و کەسی گیرۆدە بوو بە تایبەت هەیە، بەکار هێنان ماددەی هۆشبەر ڕێژەی تاوانە جۆراو جۆرەکان لە کۆمەڵگەدا بەرز دەکاتەوە، توندو تیژی، لەش فرۆشی، چونە سەری ڕێژەی تەڵاق، کەم بوونەوەی ڕێژەی زەواج، چەند نمونەیەکن لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی لە ماددەی هۆشبەرەوە سەرچاوە دەگرن، لەلایەکی دیکەوە کاریگەری خراپی لەسەر خێزان و پەروەردەی منداڵ هەیە، کە لە ئەنجامی کەمتەرخەمی پەروەردەی لەلایەن ئەو خێزانانەی کە باوکەکە گیرۆدەی ماددەی هۆشبەر بووە، دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکانیشیان گیرۆدەی ماددەی هۆشبەر بن و سەرەنجام پەنا بۆ دزی و چۆرەکانی دیکەی تاوان ببەن

لەم ساڵانەی دواییدا بەکار هێنانی مادده هۆشبەرەکان هەم لەڕوی ژمارەوە هەمیش لەڕوی چەندێتی بەراورد بەساڵانی پێشوتر زیادی کردووە، کەسانی زۆر خوییان پێوە گرتووە، کە مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت، کە کێشەکە لە حاڵتەوە ببێ بە دیاردە، بێگومان ئەمەش کاریگەری خراپ جێدەهێڵێت لە سەر کەسەکە و کاریگەریشی دەبێت لەسەر کۆمەڵگە، کەسی ئالودە بوو بە مادده هۆشبەرەکان مەترسی ئەوەی هەیە کە تا مردن ئەومادددەیە بەکار بهێنێت، هەندێ جار کەسەکە لەترسی ئەوەی کە ئاشکرا نەبێت لە ناو کۆمەڵگە و سزا نەدرێت لە لایەن دەوڵەتەوە بۆیە ڕوو ناکاتە سەنتەرەکانی وازهێنان لە مادده هۆشبەرەکان، مادده هۆشبەرەکان یەکێکە لە مادده ترسناکەکان، کە مەترسیەکی ئێجگار گەورەی هەیە لەسەر کەسەکە، کە بە جۆرێك کەسەکە بێ ئاگا دەبێت کە لە چواردەوری چی دەگوزەرێت، لە کاتی بێ ئاگایدا هەر شتێك بە خەیاڵیدا بێت زۆر لای ئاسایی دەبێت، وەك شەڕ و ئاژاوە و دەستدرێژی بۆ سەر کەسانی چواردەور و تەنانەت کوشتنیش، کەسی ئالودەبوو ئینتیما و خۆشەویستی بۆ خاك و وڵات نامێنێ، هەست بە بەرپرسیارییەتی ناکات بەرامبەر خێزان و ماڵ و مناڵ، یەکێك لە لێکەوتەکانی ئەوەیە، کە کەسەکە گرنگی نادات بە پێکەوەنانی خێزان بۆ پەیداکردنی مەوادەکە گەر پارەی تەواوی پێ نەبێت ئەوا ئامادەیە ماڵو سەیارەکەشی بفرۆشێ تەنها لەبەر لەزەتێکی چەند دەقەی و هەندێك جار ئامادەیە دزی و پیاو کوشتنیش ئەنجام بدات تەنها بۆ بەدەست هێنانی ماددەی هۆشبەر، کەسی ئالودەبوو نە هەستی دەمێنێت نە سۆز، نە ویژدان، نە دڵسۆزی، نە دەسپاکی و زۆربەی بگرە هەندێ جار هەموو خاڵە پۆزەتیڤەکان کەسێکی باشی تێدا نامێنێت، کەسێکی لێهەڵدەکەوێت کە زیان بەخشە، بێ سودیشە بۆ کۆمەڵگە و وڵات . کە هەرێمی کوردستان لەم دیاردە جیهانییە بێ بەش نییە، بە تایبەتی گەنجان ، بەڕێژەیەکی بەرچاو، ئاڵودەی مادده هۆشبەرەکان بوون کە ئەمەش زەنگی مەترسیدارە لەسەر داهاتووی کۆمەڵگای کوردی و تێکچوونی شیرازەی خێزان . زۆربەی پسپۆڕانی بواری پزیشکی و سایکۆلۆژی پێیان وایە، کە کۆمەڵگاکان تووشی ئەم کێشەیە دەبن ، بەڵام ئەوانەی توشی بوون چیان بۆ بکرێت ؟ یان چون بتوانرێت گەنجان و لاوانی ئەم وڵاتە ڕزگار بکرێن ؟ .

بوونی ڕێنمایکاری پەروەردەیی و لە قوتابخانەکاندا پێویستە، چونکە ئەم توێژانە چەندین ساڵ خوێندویانە و شارەزای باشیان هەیە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ خوێندکاران و هەرزەکاراندا، و زۆرجار خوێندکار کێشەی بۆ دروستدەبێت لەگەڵ کەسانی چواردەوردا ( مامۆستا ــ خوێندکار ــباوان ــ کارگوزار ــ بەڕێوبەر ) بۆیە گرنگە کەسێك هەبێت لە خوێندنگاکاندا، کە گوێ لە کێشە و گرفتی خوێندکار بگرێت و ڕێنمای و چارەی هەبێت بۆ کێشەکان، هەروەها هەندێکجار توێژەر ئەو بابەتانەی بەگرنگیان دەزانێت باسی دەکات بۆ خوێندکاران، خوێندکاریش سودی لێدەبینێت، هەندێ جار خوێندکار شەرم دەکات لە چون بۆلای ڕێنمایکاری پەروەردەیی و دەرونی، جا بەهۆی کەلتور، یان کۆمەڵگە، یان خویندکاریتر بێت، بەڵام کاتێك توێژەر باسی لایەنێك دەکات، کە خوێندکار شەرمی لێدەکات، ئەوا ئەوکات خوێندکارەکە وەڵامی خۆی دەستدەکەوێت،

یەکێك لەئەرکەکانی بونی توێژەر لەنێو قوتابخانە و خوێندنگەکاندا، ئەویش ئەوەیە ڕێنمای و هۆشیار کردنەوەی خوێندکارانە دەربارەی دەرمان و مادده سڕکەرەکان، ناسینەوەی جۆرەکانی، تاوەکو هەر لە خۆیانەوە دەرمان و مادده بەکارنەهێنن، کە دواتر توشی ئالوودەبوون ببن.

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە: ئایا ڕێنمایکاری پەروەردەیی (توێژەرانی کۆمەڵایەتی)رۆڵیان هەیە لەهۆشیارکردنەوەی خوێندکارانی لەمەترسی مادە هۆشبەرەکان ؟

## ١-٣:گرنگی توێژینەوەکە:

ئاشکرایە گەنجان گەورەترین سەرمایەن، کە نابێت بەفیڕۆ بدرێت و دەبێ کار بکرێت بۆ لابردنی ئەو کێشەو ئاستەنگانەی کە ڕوبەڕویان ئەبێتەوە، کاریگەری دەبێت بۆ سەرلایەنی تەندروستی و جەستەی و کۆمەڵایەتی، تاوەکو بتوانین نەوەیەکی باش و بەرهەمهێن بونیاد بنێین، خوێندکاران نەوەی دوارۆژن، کۆڵگە و هێزی ئابوری و سیاسی و سەربازی کۆمەڵایەتی دەوڵەتن لەداهاتودا، هەروەها لەم قۆناغەدا ( قۆناغی

ئامادەی ) خوێندکار کەسایەتی خۆی دروستدەکات، بۆیە پێویستە بەردەوام ڕێنمای بکرێت تا دوربێت لە هەموو کردارێکی خراپ و چەوت، خوێندکار یەکێکە لە چینەکانی ناو کۆمەڵگە بۆیە پاراستنی ئەو چینەو ڕێنمای و وشیار کردنەوەی ئەو چینە گرنگە، چونکە ئەم چینە وەك کەرەستەی خاو وان کە دواتر دەبنە کەرەستەی تەواو، واتە ئەم چینە دەبنە پزیشك و مامۆستا و سەرۆك و وەزیر و بازرگان و پەرلەمانتار و ئەندازیار و ..........هتد لە داهاتودا، هەروەها خوێنکار دووره لە هەر تاوانێك وەك دزی و ئاژاوەچی و توندوتیژی و ئالودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان و کوشتن و تاوان ...., بۆیە گرنگە پارێزگاریکردن لەم باگراوندەی خوێندکار، چونکە مادده هۆشبەرەکان دەبنە هۆی ئەوەی کەسی بەکارهێنەر کەسێکی ئاژاوەچی و توندوتیژی و پیاوکوژ و چەندین سیفاتی تری خراپ، هەمیشە خوێنکار چینێکی تەندروستتن و هەوڵ دەدەن خۆیان کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە بەرن، هەر بۆیە لە وڵاتانی ئەورووپی و پێشکەوتوەکانی جیهان گرنگییەکی زۆر بە خوێندکار دەدەن، چونکە گرنگی دەدەن بە پێشکەوتن و داهێنان، بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگە بەشێکی گەورەی دەکەوێتە سەر شانی ئەم چینە، بۆیە خوێندکاران سەرمایەی وڵاتن، بۆیە پاراستنی ئەم چینە لەسەر شانی باوان و مامۆستا و توێژەر و دەوڵەت و چواردەور و دەسەڵاتی چوارەمدایە .

بوونی توێژەری کۆمەڵایەتی لەقوتابخانەکان و خوێندنگەکان گرنگیەکی زۆری هەیە، بۆیە توێژەر ڕۆڵی گەورە و گرنگ دەگێڕت لە ئارامکردنەوەی خوێندکار، تاکو ڕوداوی گەورە ڕونەدات، هەروەها ڕێنمایکاری پەروەردەیی و کارگەری مەزنی هەیە لەکەمکردنەوەی جیاوازی و مەودای نێوان خوێندکار و دەوروبەرەکەی و ڕێنماییدان بەخوێندکاران، وەك پێش تاقیکردنەوە چیدەکەن، چۆن خۆیان بۆ تاقیکردنەوە ئامادە دەکەن، چۆنیەتی زاڵبوون بەسەر ترس و قەلەقیدا لەکاتی نزیکبوونەوە لەکاتی تاقیکردنەوەدا، چۆنیەتی ڕفتار و هەڵسوکەوت لەگەڵ چواردەوریدا.

بۆیە گرنگیەکەی لەم چەند خالە کورت دەکەینەوە.

1. توێژینەوە لەسەر ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکانەوە ، گرنگی جیهانی و ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و هەرێمی هەیە ، چونکە زۆرینەی وڵاتانی جیهان ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە بوونەتەوە و یاسایان بۆ دەرکردووە.
2. ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ خوێندکاران و مامۆستایان و وەرزارەتی پەروەردە و بەرەبوبەرایەتیەکانی سەر بەوەرزارەت.
3. ئەم تواێژینەوەیە سەرەتایەکە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی تری هاوشێوە ، بە شێوازێکی فراوانتر لەلایەن خوێندکار وتوێژەرانەوە .

**٤-١:ئامانجی توێژینەوەکە:-**

1. زانینی ئاستی ڕۆڵی ڕێنمایکار لە هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران دەربارەی مەترسیەکانی مادده هۆشبەرەکان.
2. زانینی ئاستی ڕۆڵی ڕێنمایکار لە هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران دەربارەی مادده هۆشبەرەکان بەپێی گۆراوی ڕەگەز (نێر و مێ).
3. زانینی ئاستی ڕۆڵی ڕێنمایکار لە هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران دەربارەی مادده هۆشبەرەکان بەپێی گۆراوی لقی خوێندن(زانستی –وێژەیی)
4. زانینی ئاستی ڕۆڵی ڕێنمایکار لە هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران دەربارەی مادده هۆشبەرەکان بەپێی گۆراوی قۆناغی خوێندن(10-11-12).

**٥-١:سنووری توێژینەوەکە:**

سنوری بابەتی: ڕۆڵی ڕێنمایکاری پەروەردەیی لەهۆشیارکردنەوەی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لەشاری سلێمانی دەرباری مادده هۆشبەرەکان

سنووری مرۆیی: خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی(10-11-12).

سنووری کات: ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤).

سنووری شوێن: خوێندنگە ئامادەییەکانی پارێزگای سلێمانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

**٦-١:پێناسەی چەمکەکان**

**ماددەی هۆشبەر:** لەفەرهەنگی زاراوە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا:بریتیە لە هەموو ماددەیەکی خاو، یان ئامادەکراو، کە کاریگەری وروژێنەرو بێهۆشکەریان هەیە و دەبنە هۆی ئالوودەبوون، ئەمەش زیان بە تاک و خێزان و کۆمەڵگە دەگەیەنێت، ئەگەر هاتوو بەکارهێنرا لە دەرەوەی مەبەستی پزیشکی و پیشەسازی (صالح ،١٩٩٩: ١٧٤).

**مادەی هۆشبەر(موخودیر) :** (( هەر مادەیەک کە پاش گەیشتنی بە کۆئەندامی مێشک و دەماری ناوەندی کاریگەری هەبێت لەسەر سیستەمی چێژ و یەک یان چەند کردار و ئەرکی ئەو سیستەمە )) ، ئەم مەوادە دەکرێت ژەهراوی بن وەک تلیاک، کهۆل، نیکۆتینی جگەرە و یان لە گرووپەکانی دەرمانی کۆئەندامی مێشک و دەمار بن وەک حەبی ڤالیۆم و کۆدیین و ....هتد .(سیما،٢٠١٢: ١٤)

**دەرمان و مادەی هۆشبەر:** هەموو ئەو مادە خاوو ئامادەکراوانەن کە تایبەتمەندی-وورياکەرەوەو ئازار شکێن-یان تیابێت و بەکارهیانیان ( جگە لە بواری پزیشکی و پیشەسازی سودبەخشن ) باری ڕاهاتن دروست دەکەن کە لە ڕووی جەستەیی ودەرونی و کۆمەڵایەتییەوە زیان بە تاک و کۆمەڵگا دەگەیەنێت. (کەریم١٠:٢٠١٣)

**پێناسەی کارڕایی بۆ مادده هۆشبەرەکان:** ئەو کۆمەڵە ماددانە دەگرێتەوە ، کە دەبنە هۆی ئالوودە بوون و ژەهراوی بوونی کۆئەندامی دەمار، ویست و ئیرادە و کرداری مرۆڤ لاواز و ناهەموار دەکەن و جەستەش پیرو پەککەوتە دەکەن.

**ڕێنمایکاری پەروەردەیی (توێژەری کۆمەڵایەتی ) :**

**ڕێنمایکاری پەروەردەیی (توێژەری کۆمەڵایەتی)** ئەو کەسەیە سیمایەکی بەهێزی هەیە و خاوە متمانە و بەرپرسیاریەتی و زیرەکیە و خاوەن ڕەوشتێکی بەرز و خوویەکی لێبوردنانەی هەیە، خاوەنی بیرێکی بەهێزە، نەرموونیان و لەسەرخۆ کارەکانی جێبەجێ دەکات، هەوڵدەدات لە شتەکان تێبگات و ڕاستیانە و بابەتیانە لە کێشەو گرفتەکانی تاك و کۆمەڵگە تێبگات و چارەسەری گونجاوی بۆ دابنێت، ئەویش بە هەڵسوکەوتێکی جوان و توانای بڕیاردانی هەبێت (عەلی،٢٠١٧: ٤١).

**پێناسەی ڕێکاری ڕێنمایکاری پەروەردەیی (توێژەری کۆمەڵایەتی):**بریتییە لەو بوارەی، کە دەرچووانی بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆکان، لە دامەزراوە حکومییەکاندا، وەک قوتابخانە، دادگا و زیندانەکان کار دەکەن. ئەرکی سەرەکییان پێشکەشکردنی ڕێنمایی، ئامۆژگاری و ئاگادارکردنەوەیە بۆ گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، لەوانە خوێندکاران، هاوسەران و زیندانیان.

## بەشی دووەم
## چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### ٢-١-١ مێژووی بەکارهێنان و بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان

تا ئێستا سەرچاوەیەکی مێژوویی وردمان لە بەردەستدا نییە، کە باسی مێژووی مادده هۆشبەرەکان لە کوردستاندا بکات، ئەوەی کە هەیە لە سەرچاوە مێژووییە کۆنە کوردەوارییەکانەوە وەرگیراون ، دیارە ئەم ماددانە کەم تا زۆر بەکارهێنراون ، لە هۆنراوە و پەندو گۆرانی کوردیدا و لە کوێوە چۆن مادده هۆشبەرەکان هاتوونەتە ناو هەرێمی کوردستانەوە ؟

ڕۆژهەڵاتناسی (بەرناد هیوس) دەڵێت:لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم ماددانەدا ،(بەنگ)، لەلایەن گەلانی ڕۆژهەڵاتەوە (مەبەست لێی ئێرانە) بۆ باکوری عێراق گواستراوەتەوە و لەوێشەوە بۆ دەوڵەتی ئەو سەردەمی عەباسییەکان ، چونکە لە سەردەمی سەفەویدا بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان زیادیان کردووە ، لە ماوەی (22)ساڵی فەرمانڕەوایی شاکانی سەفەویدا، کێشانی (تلیاک و بەنگ) ، خواردنەوەی شەراب لە ئێراندا ، بەشێوەیەک پەرەیسەندووە کە بەرهەمی ناوخۆیی نەیتوانیوە پێویستی داخوازیکاران دابین بکات (سیویلی ، ٢٠١١ : ١٠٧).

دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە ساڵی (1975)دا لە نێوان ( صدام حسێن و شای ئێران و سەرۆکی جەزائیر) ، مێژووی ڕووداوێکی سیاسی ڕوودەدات ، سەرەتای قۆناغێکی نوێی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دەست پێدەکات ، بەو بڕیارەی ڕێککەوتننامەکە ئێران دەست لە پشتگیری کردنی کوردەکانی عێراق هەڵبگرێت، بەرامبەر پێدانی ڕووبەرێکی فراوانی کەنداوی عەرەبی ، بە تەنها یەک ڕۆژ دوای واژۆ کردنی ڕێکەوتننامەکە ، حکومەتی عێراقی ، کەوتە بۆردومان کردنی ئەو ناوچانەی کە شۆڕشگێڕە کوردەکانی تێدا بوو ، تا ئەوەبوو دوایین شەڕ لە (1975)دا ڕوویدا . لەم ئەنجامەدا شکستی ( 1975)ی لێ کەوتەوە و بووە هۆی ئاوارە بوونی ڕێژەیەکی زۆری کوردەکانی باشوری کوردستان، هەروەها وڵاتی ئێران یارمەتییەکی ئەوتۆی ئاوارەکانی نەدا، بۆیە کوردەکان بەناچاری بۆ بژێوی خۆیان بەناو ئێراندا بڵاوبوونەوە، دواتریش کەوتنە داوی قاچاخچیانی مادده هۆشبەرەکانەوە(محمد، ٢٠٠٨: ٩٤).

### ٢-١-٢:مادده هۆشبەرەکان:

باسکردنی دەرمان و مادە هۆشبەرەکان مەسەلەیەک نییە ئێمە ئێستا دایبهێنین بەڵکو باسکردنی کێشەیەکە کە خۆی لە خۆیدا هەیە وبەدرێژای مێژووی مرۆڤایەتیش، بە پلەی لێکجیاواز، هەبووە و کێشەی هەموو جیهانیشە کە کوردستانیش بەشێکی دانەبڕاوە لێی .

لەوانەیە کەسانێک بڵێن نەخێر: وڵاتی ئێمە شوکور ئەو کێشانەی نییە و باسکردنیشیان ڕەنگە ببێت بە پڕوپاگەندە و ڕیکلام بۆ گەنجان ! تکایە واز لەو مەسەلەیە بهێنن. بەڵام واقیعی ژیانی ڕۆژانەی گەنجەکانمان و پەردەوازە بوونی هەزارانیان بە هەرچوارقوژ بنی جیهانداو گەڕانەوەی چەندەهایشیان بۆ هەرێمی کوردستان کە بێگومان بەدەر نییە لە هێنانەوەی دیاردەو خوو هاڵسوکەوتی باش و خراپ هەمەجۆر پێچەوانەی ئەو مەسەلەیە دەسەلمێنێت . سەرباری ئەوەش کە ئێستا جیهان بووە بە گوندێکی بچوک و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە تەلەفزیۆن و سەتەلایت و ئینتەرنێت و مۆبایل هەموو جیهانی لە چوارچێوەی یەک تۆڕی پێکەوە گرێدراودا تەنیوە.

وشەی دەرمان لە بنەڕەتدا بۆ هەموو ئەو مادە و پێکهاتە کیمیاویانە بەکارهاتووە کە بە شێوەیەک یان زیاتر کاریگەری بایۆلۆژی و سایکۆلۆژی جێدەهێڵن لەسەر لەشێکی زیندوو کاتێک بەشێوەیەک لە شێوەکان دەچنە نێو ئەو لەشەوە. بەگوێرەی ئەم پێناسەیە دەرمان هەموو ئەو مادانە دەگرێتەوە کە بەدرێژای مێژوو مرۆڤ بۆ کەمکردنەوەی ئازار و چارەسەری دەردەکانی ، یان بۆ لەناو بردنی نەیارەکانی ژەهر بەکاری هێناون.

### ٢-١-٣جۆرەکانی مادەهۆشبەرەکان

ماده هۆشبەرەکان چەندین جۆرن و هەرجۆرێک چەندین وەرگیراوە هەیە کە تائێستا نزیکەی (105) جۆری ناسراوە کە هەندێکیان خاوەنی تایبەتمەندی وەکو یەکن، هەندێکیتریان زۆر لەیەک جیاوازن، وەک: 1.مادە هۆشبەرە سروشتییەکان، کە ڕاستەوخۆ لە ڕووەکانە وەردەگیرێن کە مادەی هۆشبەریان تێدایە، وەک حەشیش و ئەفیون و کۆکا و قات. 2.مادە هۆشبەرە پاڵفتەکراوەکان، ئەو مادە هۆشبەرانەن کە لە مادە و درەختە سروشتیەکان وەردەگیرێن، بەڵام چڕییەکەیان زیاترە و کاریگەرترن لەسەر مرۆڤ، لەوانە 'مۆرفین' کە لە مادەی ئەفیون وەردەگیرێت و لەو بەهێزترە، 'هیرۆین' کە لە مۆرفین وەردەگیرێت و لە مۆرفینەکە بەهێزترە. مۆرفین. لە ساڵی (1805) لە تلیاک وەرگیراوە، لە هەر (10) کیلۆ تلیاک یەک کیلۆ مۆرفین دروست دەکرێت، بۆیە زۆر بەهێزترە مۆرفین لە چەمکی (مۆرفینۆس) کە خوای خەونی یۆنانیەکان بووە وەرگیراوە. 3. مادە هۆشبەرە دروستکراوە کیمیاییەکان، ئەو ماددانەن کە بەهۆی کارلێکی کیمیاویەوە بەرهەم دەهێنرێن و هەموو قۆناغەکانی دروستکردنیان لە کارگەدا بڕیوە و هیچ جۆرێکی هۆشبەرە سروشتیەکانیان تیا نییە وەک: هەڵوەسکارەکان، ئەمفیتامینەکان، باربیتۆرەکان، کپتاگۆن .

#### ٢-١-٣-١:تلیاک ، ئەفیون

کۆنترین جۆری ماددەی هۆشبەرە ، لە ڕووەکی گوڵە خاتوونە خشخاش بەدەست دێت ، کە ڕووەکێکی گیاییە ، بەرزییەکەی لە نیو مەترەوە دەگاتە نزیکەی مەترێک، گوڵی سپی و وەنەوشەیی دەگرێت گوشراوێکی سپی شیر باوی لێ بەرهەم دەهێنرێت دواتر وشک دەکرێتەوە ، ئەم جۆرە نزیکەی (بیست و پێنج) جۆری تری لێ بەرهەم دێت وەک : نارکۆتین ، پاپاوڕین، کدئین و نارسین ...هتد ، ئەو کەسانەی کە بەکاریدەهێنن کاریگەرییەکانی لەسەر لەشیان دەردەکەوێت ، وەکو : دەم و چاویان ڕەش هەڵدەگەڕێت ، چاویان سور دەبێتەوە و لێوەکانیان قاوەی ڕەنگ دەبن و هێزی لەش کەم دەکاتەوە شوێنەوار لەسەر عەقڵ و درکی مرۆڤ دادەنێت کاریگەری لەسەر گەدە ، میزڵدان ، دڵ ، گورچیلە بەجێ دەهێڵێت بە زۆری ئەم ماددەیە لە وڵاتی ئەفغانستان بەرهەم دێت (رودباری ،٢٠١٣: ٦).

#### ٢-١-٣-٢:مۆرفین

یەکێک لەبەرهەمەکانی تلیاک ، بەکاری کیمیایی لە تلیاک جیا دەکرێتەوە تۆزێکی کریستاڵییە لە تلیاک بێ ڕەنگترە و تامی تاڵە و لە ڕێگەی دەمارەکانەوە بەکار دێت و مرۆڤ بێ هۆش دەکات. تووشبوو خەوی لێدەکەوێت ، ڕادەی بێهۆشی ئەم ماددەیە (10) بەرامبەری تلیاک ، لەهەر دە کیلۆ تلیاک ، یەک کیلۆ مۆرفین دروست دەبێت ، لە گەرمای (230) پلەدا دەتوێتەوە و لە کاری پزیشکیدا کەڵکی زۆری لێ وەردەگرن و بە چەندین شێوەی جۆراو جۆر دروست دەکرێت ، وەک حەب ، دەرزی ، تۆز یان شلەمەنی و لە ڕێگای خواردن و خواردنەوە ، بۆن کردن و دەرزی لێدان لە ژێر پێست و دەمارەکان و لە ڕێگەی قوتدان یا تێکەڵکردن لەگەڵ چا ، یان قاوەدا

بەکاردەهێنرێت و کاریگەری دەکاتە سەر لایەنی دەروونی و جەستەیی ئالوودە بووەکە ( صالحی ،٢٠٢٠: ٣٠).

### ٢-١-٣-٣:کۆدایین

کۆدایین لە تلیاک جیا دەکرێتەوە، بەشێوەی ڕەنگ هاڕاوەی سپی کریستاڵی دەردەکەوێت، کاریگەریشی نیوەی کاریگەری تلیاکە ، توانای توانەوەی هەیە لە مەیو ئاودا و بە شێوەی حەب و شروب و دەرزی دەتوانرێت ، بەکاربهێنرێت بۆ کەمکردنەوەی ئازارو کۆکە ئازاری پشت و ددان و کۆکە وشکەو لە هەر کەوچکێک شروبی کۆکە (10)مل ماددەی کۆدایینی تێدایەو کاریگەری لەسەر ژنی باردار (سک پڕ)دا هەیە، ئەگەر بەکاربهێنێت دەبێتە هۆی لەبارچوونی منداڵەکە، یان زوو لە دایک بوونی منداڵ و نەمانی شیری دایک ، و زۆر بەکارهێنانی دەبێتە هۆی هەناسە سواری و ڕشانەوە ، خورانی پێست کەم بوونەوەی توانای سێکسی(جنسی) (نظارت، ٢٠١٢: ٢٣).

### ٢-١-٤: کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان:

- ئەم مادانە دەبنە هۆی نەمان وشێوانی توانای کۆنترۆڵ کردن و وردبینی.
- هەروەها دەبنە هۆی گوێبیستبوونی شتی نەبیستراو یان تامکردنی شتی نەبینراو .
- ئارام نەگرتن و بێ ورەیی و چوونە نێو گەشتی خەیاڵیی ناواقعی، یەکێکە لە دەرئەجامەکانی خراپ بەکارهێنانی ئەم مادانە.
- ئەم مادانە دەبنە هۆی بینینی تێکەڵبوونی ڕەنگەکان یان کەلوپەلەکان، یان بینینی خورافیاتی دینی.
- خراپ بەکارهێنانی ئەم مادانە دەبێتە هۆی هەستکردن بە وەستانی کات و بیرکردنەوە ، هەروەها هێواشبوونەوەی میلی سەعات.
- خراپ بەکارهێنانی ئەم مادانە دەبنە هۆی ترسی بێ هۆ و گومانکردن لە دەوروبەر
- هەروەها خراپ بەکارهێنانی ئەم مادانە دەبنە هۆی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و شڵەژان
- ئەم مادانەی سەرەوە دەبنە هۆی گۆڕانی دەستبەجێ بیروڕا و زەوق لە مرۆڤی خراپ بەکار هێنەردا. (هادی،٢٠١٦:٢٥)

### ٢-١-٥: ڕێنمایکاری پەروەردەیی (توێژەری کۆمەڵایەتی)

توێژەری کۆمەڵایەتی ئەوکەسەیە کە خاوەن پیشەیێکە، کە کاردەکات بۆ برەودان بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی، چارەسەری کێشەکان لەپەیوەندی مرۆڤەکان، تواناسازی خەڵك و پاڵپشتیکردنیان و رزگاردنیان و بەرەو باشتربوونیان . پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دوو بنچینەن بۆ کارکردن، هەرچەندە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێناسەی رێنمای پەروەردەی کردووە کە توێژەرانی کۆمەڵایەتی هەڵدەسن بە رێنماییکردنی قوتابیان، بۆیە ناوی توێژەری کۆمەڵایەتیان گۆڕی بۆ رێنماییکاری پەروەردەیی. لەم سونگەیەوە رێنماییکاری پەروەردەی لای وەزارەتی پەروەردە: بریتیە لەوکەسەی کە هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی پرۆسەی هاوکاریکردنی قوتابیان و خوێندکاران لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان و رێنماییکردنیان سەبارەت بە خۆپاراستن لە تووشبوون بە کێشە جۆراوجۆرەکانی ژیانی رۆژانەیان، هەروەها پاڵپشتیکردنی قوتابیان و خوێندکاران بەمەبەستی گەشەکردنیان بەشێوەییەکی دروست بۆ بەدەستهێنانی بڕوا بە خۆ بوون و گەیشتن بە سازانێکی باش لەگەڵ دەوروبەر (وەزارەتی پەروەردە٢٠٢٠:١٠)

ڕێنمایکاری پەروەردەیی لە قوتابخانەکان: بریتیە لەوکەسەی کە خاوەنی بروانامەی بەکالۆریۆس بەسەرەوەیە لە بوارە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان کە دەرچوانی بە شی کۆمەڵناسی، دەروونزانی، کاری کۆمەڵایەتی و ڕێنمایی دەروونی لەخۆ دەگرێت، کە لە قوتابخانە ئامادەییەکانی حکومی و ناحکومیٔ شاری هەولێر دامەزراون یاخود گرێبەستیان لەگەڵ کراوە. لەسەر بنەمای پسپۆڕیەکەی وکارامەییەکانی یارمەتی قوتابیان دەدات لەگەشەپێدانی توانای هزری وکۆمەڵایەتیان و چارەسەرکردنی گرفتەکانیان لەو ژینگەی کە تێدا دەژین، جا گرفتەکان پەروەردەی و رەفتاری بن یان لەسەر ئاستی فێربوون یاخود سازانی کۆمەڵایەتی بێت بۆ ئەوەی یارمە تی قوتابخانە بدات لە گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەیی و فێرکاریەکان لەسەر بنەماییەکی تەندروست

### ٢-١-٦:قوتابخانە

لای براد گوبی وا پێناسەی کراوەکە کە دەڵێت:قوتابخانە دەزگایەکی فەرمی و پەروەردەکردنە هەر لە قۆناغەکانی پێشوەختە تا ئامادەی لەخۆدەگرێت، کە قوتابی مامۆستا وکتێبی فەرمی پەروەردەی پێکەوە دەبەستێتەوە بۆ مەبەستی پەروەردەی.(gobby:2017،34)

١.لە پێناسەی دەستوری باشوری کارۆلینا South Carolin ) ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هاتووە کە قوتابخانەی گشتی(حکومی) لەلایەن کەرتی گشتی (حکومی) یاخود کەرتی فەرمی وڵات بەرێوەدەبرێن، گشت پرۆگرام و چالاکیەکان لەژێر چاودێری لایەنی فەرمی وڵات بەرێوەدەچێت. لایەنی دارایی لەلایەن کەرتی فەرمی دابین دەکرێت(هەمزە،٢٠٢٢: ١٣).

### ٢-١-٧:مێژوو و ئەرکی ڕێنمایکاری پەروەردەیی (توێژەری کۆمەڵایەتی)لە قوتابخانە:

پسپۆڕی کاری کۆمەڵایەتی وەک هەر پسپۆڕیەکی دیکە مێژووی سەرهەڵدانی هەیە و ئەرک و رۆڵی پێبەخشراوە.بەپێی کات و شوێن گۆڕانکاری بەسەر ئەرک و رۆڵەکەیدا هاتووە. لە خوارە بە کورتی باس لە مێژووی کاری کۆمەڵایەتی لە بواری قوتابخانە دەکرێت:

بۆیەکەم جار کاری کۆمەڵایەتی لەبریتانیا سەری هەڵداوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە 150 ساڵ پێش ئێستا(Skehill. 2010 )بەڵام کاری کۆمەڵایەتی لە بواری قوتابخانە یەکەم جار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی 1906 دامەزرا، لە نیویۆرک، شیکاگۆ، بۆستن و نیوهاڤن. کە پردێك بووە لە نێوان قوتابی و دیباب و کۆمەڵگا . هەرچەندە سەرەتا ناوی پراکتیزەکاری قوتابخانە School ) (Practitionerبوو، تا نزیکەی 100 ساڵ خایاند تا دەرچووانی بەشی کاری کۆمەڵایەتی ئامادەکران و لە تەواوی قوتابخانەکانیان دامەزران و بە ڕێنمایکاری پەروەردەیی لە بواری قوتابخانە ناوزەدکران بەNASW ). School Social Worker ،2012 ،(1بەلام لە ساڵی 1956 بریاردرا(Wisner 1996 ) کە تەنها ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتی لەگەڵ دۆخەکانی لەناقوتابخانەکاندا دەتوانن کار بکەن. وە لەبریتانیا سەرەتا مامۆستایەک بە کاری توێژەری هەڵدەستا کە ناوزەندکرابوون بە مامۆستایانی سەردانیکار -) ( Visiting Teachers 2022 Stalnakerهەرکاتێك قوتابیەک گرفتێکی هەبووایە، مامۆستایەک سەردانی ماڵی قوتابیەکەی دەکرد. هەر لە دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وڵاتی میسر لەساڵ 1957 هەمان بریاریدا، کە پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی (دەرچووانی بەشی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان کاری توێژەری

کۆمەڵایەتی بکەن. هەروەها بەیاسای 1958 خوێندنی تایبەت (ناحکومی پەیوەست کرد بە دامەزراندنی توێژەرانی (پسپۆرانی) کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ناحکومییەکان(عید 1996: 42-43.) لە ڕاستیدا لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، توێژەرانی کۆمەڵایەتی زیاتر ڕۆڵیان پێدرا لە دوای دەرچوانی جارنامەی مرۆڤ(UN 1950 )ەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1948 کە لە بەندی 26دا دەڵێت خوێندن مافی هەموو تاکێکە بێ بەرامبەر هەروەها بە خۆێندن بە زۆرەملی دەبێت بۆقۆناغی خوێندنی بنەرەتی. لەو کاتەوە لە بەر زۆری ناونووس کردنی مندالان لە قوتابخانەکان، پێویستیان بە ژمارەیەکی زیاتری ماۆستایان هەبوو. لەهەمان کاتدا کاتێك تێکەلاوی کۆمەڵایەتی زیاتر دەبێت،کێشەی کۆمەڵایەتیش زیاتر دەبێت.بۆیە وڵاتی میسر هەر زوو هەستی بەو بۆشاییە کرد و بڕیاری دا وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان دابمەزرێنی . لەعێراق لەبەر نەبوونی بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە ساڵی 1974رابەری پەروەردەی دەستنیشانکرا کە مامۆستایەک هەڵدەستا بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە قوتابیان یاخود دەرچووانی بەشی کۆمەڵناسی کە ژمارەیان زۆرکەم بوو لە عێراق، بەڵام لەبەر رازی نەبوونی بەشی زۆری بەڕێوەبەری قوتابخانەکان پێیان وا بووە دەسەڵاتی بەڕێوبەرەکان کەمتر دەبێتەوە یاخود دەسەڵاتیان بەسەر قوتابی و خانەوادەکانیان نامێنی بۆیە لە ساڵی1980 لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی بەغدا بڕیاری ڕاگرتنی رابەری پەروەردەی درا(عثمان 2021) دواتر عیراق لا ساڵی1983 یاسای ژمارە76ی دەرکرد بە ناوی چاودێری نەوجەوانان (قانون رعایەالأحداث )(مصطفى2020، 65-68) کە لە بەندی21 لە خاڵی یەکەمدا دەڵێ (هەموو قوتابخانەیەک توێژەرێکی کۆمەڵایەتی (پسپۆری کۆمەڵایەتی بۆ دادەمەزرێت کە لە چارەسەری کێشەکانی قوتابیان بەرپرس دەبێت. ئەگەر هاتوو قوتابخانەیەک پسپۆری کۆمەڵایەتی نەبوو، ئەوە دەتواندرێت یەکێك لە ئەندامانی دەستەی وانە وتنەوە، بەوکارە هەڵبستێت). خاڵی دووەم (ئەگەر نەتواندرێت گرفتەکە لە لایەن بەرپرسانی قوتابخانە چارە بکرێت، ئەوا بەرپرسی قوتابخانە دەیخاتە بەردەم نوسیگەی خزمەتگوزارییەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە بواری قوتابخانە دا). تاکو ڕاپەرینی ساڵی 1991 شاری هەولێر هاوشێوەی شارەکانی دیکەی عیراق توێژەرانی کۆماڵایەتی کە بریتی بوون لە دەرچووانی بەشی کۆمەڵناس و دەروونناسی یاخود ڕێنمایی دەروونی لە قوتابخانەکان دادەمەزران.

لە زانکۆی موصل بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە ساڵی1986/1985 دامەزرابوو، بەڵام لەساڵی1994 کرا بە بەشی کۆمەڵناسی(مصطفى، 2020 63م) لە زانکۆی القادسیة لە ساڵی 1989 بەشی کاری کۆمەڵایەتی دامەزرا. بەڵام بەهەمان شێوەی زانکۆی موصل لە ساڵی1994 کرا بە بەشی کۆمەڵناس(ماڵپەری زانکۆی القادسیة 2022.)بەڵام لە بەر گرینگی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی، لە ساڵی 1998/1999 بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە ( جامعه بغداد/ کلیة التربیة اللبنات) دامەزرا(ماڵپەری زانکۆی بەغدا 2022م،) بۆ ئەوەی دەرچووانی بەشەکە ببن بە توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان بە ناونیشانی ڕێنماییکاری دەروونی و پەروەردەیی. لەبەر ئەوەی پێشتر لە قۆناغی سێیەمی بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا قوتابیان دەبوون بە دوو لق، کاری کۆمەڵایەتی یەکێك بوو لەلقەکانی کە تیایدا قوتابیانی دەرچوو پێیان دەگوترا توێژەری کۆمەڵایەتی (الباحث الاجتماعی)

لە هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنی وەزارەتی پەروەردە، پاڵپشت بە یاسای چاودێری نەو جەوانان دامەزراندنی توێژەری کۆمەڵایەتی هەبووە. بەڵام بە ڕێژەیەکی زۆرکەم.پاشان لەساڵی2003 لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عیراق و هەڵگرتنی گەمارۆی ئابوری لەسەر عیراق لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و باش بوونی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغداد و هاتنی بوودجە لە بەغدادەوە بۆ هەرێمی کوردستان دەرگایدامەزراندن بەڕووی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردساتان کاراوە. لەگەڵ ئەو شەپۆڵەی دامەزراندندا، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراندنی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان دەرگای والا کرد.تاکو ساڵی 2014کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی بۆوە لە دوای تێکچوونی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ حوکمەتی بەغداد لەو کات بەشی کاری کۆمەڵایەتی دەرچووی نەبوو بۆیە دەرچووانی بەشەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی بە ناونیشانی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان دامەزران. لەبەر گرنیگ پیشەی کاری کۆمەڵایەتی لەمەیدان جێبەجێکردن و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخ و بارەکان چارەخوازەکان (Cases) بەفەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی ئەوکات ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی و لەسەر پێشنیاری ڕێکخراوی یونسیف لەهاوینی ساڵی2007بڕیاردرا بەکردنەوەی بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە زانکۆی سەلاحەدین بەهاوکاری تەکنیکی و زایستی زانکۆی ئێریستا سکۆندالی سویدی. وە ساڵی 2008/ 2009 یەکەم ساڵی خوێندن بوو، لەسەرتاوە خوێندن تێیدا بە زمانی ئینگلیزی بووە. پاشان بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە زانکۆی سلێمانی لە فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان لەساڵی 2014 دامەزرا(ماڵپەری زانکۆی سلێمانی). بەڵام تا ئێستا لە قوتابخانە ئامادەییەکانی حکومی پارێزگای هەولێر دانەمەزراون. بەڵام لە قوتابخانە نا حوکمییەکان و نێودەڵەتیەکان لە شاری هەولێر وەك توێژەری کۆمەڵایەتی دامەزراون .

**٢-١-٨:ئەرک و ڕۆڵی ڕێنمایکاری پەروەردەیی (توێژەری کۆمەڵایەتی)لە قوتابخانەکان:**

کاری کۆمەڵایەتی لە بواری قوتابخانە کار بۆ سێ ئامانجی سەرەکی دەکات کە بریتیە لە پێشکەشکردنی چارەسەر بۆ کێشەکان و بەرزکردنەوە تواناکان یاخود پەرەپێدانی توانانی قوتابیان،بۆ گەیشتن بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی جێبەجێکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ تا گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەرجەستە بێت و تاکەکان بگەن بە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی. لەم سۆنگەیەوە ڕێنمایکاری پەروەردەیی (توێژەری کۆمەڵایەتی) چەندین ئەرک و ڕۆڵی جیاوازیان لەچوارچێوەی سیستەمی قوتابخانەدا پێدەسپێرێت دەستەی نیشتمانی کاری کۆمەڵایەتی ( لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەند پێوەرێکی داناوە بۆ ئەوەی ببن بە بنەما بۆ کارکردنی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەقوتابخانەکان(5 :NASW 2012)

وەك (ڕەوشت،بەهاکان،بروانامەی بەدەستهاتوو توانای دەستنیشانکردنی گرفتەکان، دەستێوەردان،دروستکردنی بڕیار،پاراستنی تۆمارەکان،بەڕێوبردن و خۆڕاگری کارکردن.

لە ژێر فشاردا، توانا ڕۆشنبیریەکان، گەشەپێدانی پیشەیی، پاڵنەر وهاوکاریکردن و پەیوەندی بەستن لەگەڵ کاگێری قوتابخانە) ئەم یازدە پێوەرەی داناوە بۆ هەڵسەنگاندنی کاری توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان و چۆنیەتی یارمەتی دانیان بۆ باشتر کردنی کارە پێشەییەکانیان. لەسەر بنەمای ئەو پێوەرانە هەر وڵاتێك لەڕێگای یاسا، ڕێنمایی یان ڕێبەر بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتیان ئامادەکردووە و بە پێی کات و شوێن گۆڕانکاریان بەسەر داهاتووە. تەنها لە ویلایەتی ئیلنۆی ئەمریکا شازدە جار گۆڕانکاری لەیاساکان کاراوە جا چ هەموارکردنی یاساکانی پێشوو بێت یاخود دەرکاردنی یاسای نوێ(49- :IASSW 56.(2020 ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشهات و تێگەیشتنانەی بۆ کاری توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان. لە زۆرینەوەی وڵاتەکان کە بەردەستمان کەوتوون، سەرەتا کاری توێژەران تەنها بە چارەسەرکردنی کێشەی قوتابیان بووە. بەهەمانشێوە وەک لەپێشووتر ئاماژەمان پێکرد کە لە عێراق یەکەم یاسا کە بۆ توێژەرانی قوتابخانەکان دەرچوو بریتی بوو لە یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە 76 لەساڵی 1983 کە لە

بەندی 21 لەخاڵی یەکەمدا دەڵێ (هەموو قوتابخانەیەک توێژەرێکی کۆمەڵایەتی (پسپۆری کۆمەڵایەتی)بۆ دادەمەزێت، بەرپرس دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی قوتابیان. ئەگەر هاتوو قوتابخانەیەک پسپۆری کۆمەڵایەیەتی نەبوو، ئەوە دەتواندرێت یەکێك لە ئەندامانی دەستەی وانە وتنەوە هەڵبستێت بەو کارە واتا توێژەرانی کۆمەڵایەتی تەنها ئەرکیان چارەسەرکردنی گرفت و کێشەی قوتابیان بووە. دیسان لە هەرێمی کوردستان لە سیستەمی قوتابخانە بنەرەتی و ئامادەییەکان لە بەندی 42 خاڵی پێنجەم دا هاتووە لەکاتی بوونی گرفتی قوتابیان ڕاوێژ بە توێژەرانی کۆمەڵایەتی بکرێت بۆ مەبەستی ئاڕاستەکردنی قوتابی گرفتدار بۆ چارەسەری گرفتەکەی و دووبارە نەکردنەوەی. بەڵام لەساڵی2015 کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسان توانیان ڕێبەری توێژەرانی دەروونی وکۆمەڵایەتی(کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسان 2015 )بەهەماهەنگی وەزارەتی پەروەردە بە چاپ بگەیەن، ئەو ڕێبەرە بە سەر توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان دابەشکرا، کە چەندین ئەرک و ڕۆڵی دیاریکردبوو بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان. لە ساڵی2017 وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری دارایی ڕێکخراوی یونسێف کۆنفراسی تایبەت بە کاری توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئەنجامدا و دەرکردنی چەند ڕاسپاردەیەکی لێکەوتەوە ڕاسپاردەکان چەندین گۆرانکاری بۆ کاری توێژەرانی کۆمەڵایەتی،

لەقوتابخانەکاندا لەخۆگرتبوو، زیاتر بایەخ بە ڕێنماییکردنی قوتابیان دەدرێت نەوەک تەنها چارەسەرکردنی کێشەی قوتابیان. لە ساڵی2020 وەزارە تی پەروەردە ڕێبەرێکی زۆر فراوانتری بەچاپ گەیاند، هەمان ئامانج و پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی تێدا جێکردۆتەوە(وەزارەتی پەروەردە 2020: 52-56) بەڵام بە ئەرکی جیاوازتر، ئەمجارە بە 33 خاڵ ئەرکی توێژەرانی کۆمەڵایەتی دیاری کاردووە. دەتوانین ئەو خاڵانە دابەشی سەر چەند تەوەرێ بکەین وەك

أ- تەوەری چارەسەری گرفتی قوتابیان و پێشکەشکردنی ڕێنمایی دەروونی وکۆمەڵایەتی بە قوتابیان

ب-تەوەری پەیوەندییەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی بە قوتابیان،مامۆستایان،کارگێری قوتابخانە،بەخێوکارانی قوتابیان ،ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگا پەیوەندیدارەکان و هاوبەشەکانی پەروەردە لە سنووری قوتابخانەکەی. ت- تەوەری جێبەجێکردن وپەیرەوکردنی سیاسەتی وەزارەتی پەروەردە

ث- تەوەری بەدواداچوونی و پەرەپێدان وگەشەپێدان قوتابیان. هەموو ئەو خاڵانەی کە ئەرکی توێژەری کۆمەڵایەتی دیاری دەکات بریتین لە گەیشتن بە دوو ئامانجە سەرەکیەکەی کاری کۆمەڵایەتی لە بواری قوتابخانە کە بریتین لە پێشکەش کردنی چارەسەری گرفت وکێشەکانی قوتابیان و هەروەها گەشەپێدان و پەرەپێدان بە توانای قوتابیان

**2-2:توێژینەوەکانی پێشوو:**

بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە، پێویستە توێژەر لەسەرەتای دەستپێکردنی بە توێژینەوە، بە دوای توێژینەوەکانی هاوشێوە یاخود نزیك لە گرفت و ئامانجەکانی توێژینەوەکەی خۆی بەدواداچوون بکات. بۆ سوود وەرگرتنیان و دوورکەوتنەوە لە هەڵە و هەروەها دووبارە نەکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە توێژینەوەکانی دیکە تێیکەوتوون.

**توێژینەوەی (شوقی عثمان حمد٢٠١٥)ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی شاری هەولێر)**

توێژینەوەیەکی مەیدانی بووە لەشاری هەولێر ئەنجامدراوە و پێشکەشی زانکۆی سلاحەدین کراوە، یەکەم توێژینەوەیە لەو بوارە کە بەزمانی کوردی نووسراوە. ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە

أ__زانینی ئاستی پەیوەندی توێژەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ قوتابیانی ئامادەیی

ب__ زانینی ئاستی پەیوەندی توێژەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبردنی قوتابخانە.

ت__ زانینی ئاستی پەیوەندی توێژەری کۆمەڵایەتی بەخێزانی قوتابیانەوە .

ث ئاشنابوون بە ئاستەنگەکانی بەردەم کاری توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی شاری هەولێر

ج ئاشنابوون بە ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە بەدواداچوون بۆ ئاستی زانینی قوتابیان.

ح_ زانینی ئاستی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەرکردنی گرفتە پەروەردەیی وکۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی قوتابی.

توێژەر میتودی وەسفی شایکاری و میتۆدی بەراوردکاری بەکارهێناوە بۆ بەراوردی ئەنجامی توێژینەوەکەی لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشووتر ئەنجام دراون. قەبارەی نموونەی توێژینەوەکەی پێك دێت لە 50 توێژەری کۆمەڵایەتی لەکۆی 70 توێژەری کۆمەڵایەتی کە 10 یان لە مۆڵەت دابوون و 10 یان بۆ مەبەستی جێگیرکردنی پرسیارەکان وەرگیرابوون، کە ناکرێت دووبارە وەریان بگرێتەوە. وە 380 قوتابی لە هەردوو رەگەز لە پۆلی 10 – 12 پێك دێت لە 12 قوتابخانەی ئامادەی لە ناوەندی شاری هەولێر نموونەی توێژەنەوەکە بوون. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتیبووە لە فۆرمی ڕاپرسی و زانیاری تۆمارکراو. بۆ شیکردنەوەی داتاکان هەگابەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان SPSS. لەگەڵ چەند ئامرازێکی ئاماری وەک ئاماری پەیوەندی وەکو (هاوکێشەی سپێرمان کە ڕێژەی جێگیری بریتیبووە لە 0.87 و ڕێژەی ڕاستیەتی بریتیبووە لە 0.87 هەروەها ئاماری وەسفی (ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بەکارهێناوە.

ئەنجامی توێژینەوەکە بریتیە لە:

أ__پەیوەندی لە نێوان تاوێژەری کۆمەڵایەتی و قوتابیانی ئامادەیی شاری هەولێر هەیە بە بەهای دەرهێنراوی ( 0.567). بەڵام لەگەڵ ئەم پەیوەندیەشدا توێژەرانی کۆمەڵایەتی پێیان وابووە هەندێ هۆکار هەبوونە کاریگەریان لەسەر ڕۆڵ و چۆنیەتی ئەو پەیوەندیە دروست کردیە، ئەوانیش بریتین لە شاردنەوەی زانیاری لەلایەن قوتابی و زۆری ڕێژەی قوتابی لە قوتابخانەکان

ب- پەیوەندی لە نێوان توێژەری کۆمەڵایەتی و دەستەی کارگێری بە بەهای بەدەستهاتوو(0.767)هەیە.دەستەی کارگێری هاوکاربوونە لەئەنجامدانی کۆر و کۆبوونەوەکان ڕۆڵ پێدان بەتاوێژەران.بەڵام توێژەرانی کۆمەڵایەتی پێیان وایە دەساتەی کارگێری بە کاری ئیداری و لاوەکی سەرقاڵیان دەکەن، کە پەیوەندی نیە بە پیشەکانیانەوە. ت- پەیوەندی لەنێوان توێژەری کۆمەڵایەتی و باوانی قوتابیاندا هەیە، بەپێ بەهای بەدەستهاتوو (0.310م سەرەرای ئەو پەیوەندییە بەڵام توێژەرانی کۆمەڵایەتی پێیان وابووە کە پەیوەندیەکی بەهێز نیە لە گەڵ بەخێوکارانی قوتابیان. ث- پەیوەندی لەنێوان کاری توێژەری کۆمەڵایەتی و ئەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەم توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکان بوونی هەیە بەپێ بەهای بەدەستهاتوو (0.657).

هەر لەو ڕوانگەشەوە توێژەرانی کۆمەڵایەتی پێیان وابووە کە گرنگترین ئاستەنگە پیشەیەکان کە کاریگەری نەرێنی هەبووە بریتی بووە لە سنوورداکردنی دەسەڵاتیان لەچوارچێوەی ژینگەی قوتابخانە و ڕێکنەخستنی کارەکانیان لە چوارچێوەی یاسایەکی دیاریکراودا.

ج- پەیوەندی هەیە لە نێوان ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و هاندانی قوتابیان بۆ بەردەوام بوونیان لەسەر خوێندن و بەهێزکردنی پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا بەپێی بەهای بەدستهاتوو (0.977)

ح- توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەکاتی دامەزراندنیان لە ناوەندەکانی خوێندندا جەختیان کردیتەوە کەوا زانیاریەکی ئەوتۆیان پێ نەدراوە لەبارەی چۆنیەتی کارکردن لە قوتابخانەدا.
خ- توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکان ڕوونیان کردۆتەوە کە توێژینەوەی مەیدانی پەیوەست بە گرفتە هەنووکەیەکانی پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردنیان ئەنجام نەداوە.

**توێژینەوەی (مەهدی عباس قادر مصطفی ٢٠٢٠)( تحديات الخدمة الاجتماعية المدرسية و تطبيقاتها في اقليم كورردستان)**

توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری هەولێر ئەنجامدراوە و پێشکەشی زانکۆی بەغداد کراوە. ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بووە لە: تیشکخستنە سەر خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بە گشتی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان بە تایبەتی و دیاریکردنی ئەو سیاسەت و بەرنامانەی کە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێن لە ڕێگای ئەو پرسیارانەی خوارەوە:

أ-ئەو بەربەستانە چین کە ڕوو بەڕووی خزمەتگوزاری کاۆمەلایەتی کاری کۆمەلایەتی دەبنەوە لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان

ب- داتا و زانیاریە بەردەستەکان بۆ دەرخستنی سروشت و ڕێڕەوی خزمەتگوزاری لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان چین؟

ت-ئەوبەرنامە خزمەتگاوزاریەکۆمەڵایەتیانە چین کە پشتیان پێ دەبەسترێت لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان؟ ڕاددەی گونجاویان لەگەڵ پێوەر و بنەمای زانستی و پەروەردەیەکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە مەیدانی کارکردندا چین؟

ث-پرەنسیپ و تایبەتمەندییەکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان چین؟

ج- ڕۆڵی گەشەپێدانی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی لە دەزگا پەروەردەییەکانی هەرێمی کوردستان چیە؟

ح- ڕۆڵی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی قوتابخانە لە گەشەپێدانی ژینگەی قوتابخانە و کۆمەڵگای خۆجێی لەهەرێمی کوردستان چیە؟

خ- ڕۆڵی گەشەپێدانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی قوتابخانە لە گەیشتن بە پەیوەندیەکان و تەواوکاری لەگەڵ ژینگەی دەرەوەدا چیە؟

د- ڕادەی گشتاندنی ئەو ئەزموونەی هەرێمی کوردستان وجێبەجێ کردنیان لە پارێزگانی عێراق چەندە؟

توێژینەویەکی استکشافی و شیکاری مەیدانی بووە لە پارێزگای هەولێر تیایدا میتۆدی مێژووی و بەراوردکاری و ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکانی بریتی بووە لە فۆرمی ڕاپرسی و تێبینیکردن و چاوپێکەوتن لەگەڵ توێژەرانی کۆمەڵایەتی و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆڕانی بواری خزمەتگوزاری کاۆمەڵایەتی بووە. هەروەها نموونەی لێوتوێژەرانی بریتی بووە لە 200 توێژەری کۆمەڵایەتی لەپارێزگای هەولێر و 15 سەرپەرشتیاری پەروەردەی و پسپۆڕانی بواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بۆ شیکردنەوەی داتا و زانیاریەکان، توێژەر هەگبەی ئاماری زانستی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە و گەیشتیتە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:-

أ- ڕێژەی توێژەرانی ڕەگەزی نێر 44% و ڕەگەزی می 56 %بووە، هەرچەندە لە هەرێمی کوردستان هەلی یەکسانی دراوە بۆ دامەزراندن، بەڵام ئافرەتان زیاتر حەزی دامەزراندنیان هەبووە .

ب- زۆرینەی توێژەران (توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەتەمەنی نێوان 23 – 42 ساڵی بووە.

ت- توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان لە پسپوری جیا جیا بوونە، بەڵام زۆرینەیان کە ڕێژەی 74% دەرچووانی کۆمەڵناس بووە کەمتر دەرچووانی دەرونزانی بوونە وژمارەی دەرچووانی کاری کۆمەڵایەتی لەقوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان کەمە .

ث- زۆرینەی توێژەران خزمەتیان لە نێوان 11- 20 ساڵ بووە. ئەوەش هۆکارێکی ئەرێنی و پاڵپشتی کاری خزمەتگاوزاری کاۆمەڵایەتیە، چونکە شارەزایی یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکانی کارکردنی پیشەیی.

ج- پاڵپشتی دارایی توێژەرانی کۆمەڵایەتی وەزارەتی پەروەردەیە لەگەڵ بەشداریەکی کەمی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕیکخراوە نیودەولەتیەکان.

ح- زۆرینەی لێتوێژەران کە ڕیاژەی 73% یان لەگەڵ کارگێڕی قوتابخانە پەیوندیان باشە.

خ- 60% ی لێتوێژەران پێیان وابووە کە لەلایەن سەرپەرشتیاران بەدواداچونیان بۆ دەکرێ.

د- زۆرینەی لێتوێژەران کە بە ڕێژەی 94% یان پابەند بوونە بەتۆماریی کار و چالاکییەکانی تایبەت بە پیشەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی.

**توێژینەوەی (ئارام ئەسعەد عبدالرحیم،٢٠٢٣) (هۆکارەکانی بڵاوبونەوە و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و کاریگەرییان لەسەر گەنج )**

توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری سلێمانی ئەنجامدراوە و پێشکەشی زانکۆی سلێمانی کراوە. ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بووە لە: زانینی هۆکارەکانێ بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لای گەنج، هەروەها زانینی جۆری ئەو مادە هۆشبەرانەی کەلە نێو گەنجاندا بڵاون بەکاردەهێنرێت، هەروەها زانینی کاریگەریی مادە هۆشبەرەکان لەسەر گەنج

توێژینەویەکی شیکاری مەیدانی بووە لە پارێزگای سلێمانی تیایدا میتۆدی وەسفی شیکاری و (ڕوپێوی کۆمەڵایەتی) بەکارهێناوە. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکانی بریتی بووە لە فۆرمی پرسیارنامە و چاوپێکەوتن لەگەڵ زیندانی مادده هۆشبەرەکانی ناوبەندیخانەکان لەهەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان. هەروەها نموونەی توێژەر بریتی بووە لە 200 سزادراو و 8 کەسی شارەزا دەربارەی مادده هۆشبەرەکان ، کەبەشێوەیەکی هەڕەمەکی نامەبەستدار دیاری کرابوون، بۆ شیکردنەوەی داتا و زانیاریەکان، توێژەر هەگبەی ئاماری زانستی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە و گەیشتیتە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:-

1. بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەهەررێمی کوردستان ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لەزیاد بوونە، کەزۆرترینیان لەناو گەنجاندایە
2. هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی مادده هۆشبەرەکان جۆراوجۆرن، کەبریتین لەنەبوونی پلانێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی توند، خەمساردیی لایەنی پەیوەندی و لاوازی ڕۆڵی دادەوەری.

3. هۆکارەکانی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ چێژ وەرگرتن، بەسەربردنی کاتێکی خۆشە بۆ دەربازبوون لەئازاری جەستە
4. زۆرترین جۆرێ ئەو ماددە هۆشبەرانە، کەلەناو گەنجاندا بەکاردەهێنرێت لەهەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان لەسەدە ٥٢ی تەنیای ماددەی دەستکردێ جۆری کریستاڵ ، ترامادۆل، سۆمەردین ، شیشە شروبی هۆشبەرەن.

**٢-٢-١:سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو:**

1. هەستکردن بە هەبوونی کێشەی توێژینەوەکەو ڕادەی گرنگیەکەی بەمەبەستی ئەنجامدانیتوێژینەوەیەکی زانستی.
2. توێژینەوەکانی پێشوو چوارچێوەیەکی گشتی بۆ ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنن، چونکە لەبابەتەکاندا سوودی زۆریان لێوەرگیراوە بەتایبەتی لەچوارچێوەی تیۆریدا.
3. بۆزیاتر بابەتیبوونی توێژینەوەکەو شوێن پێ هەڵگرتنی توێژینەوەکانی پێشوو سوودیان لێبینراوە.
4. سوودی لە زانیارییە ڕێکارەکانی توێژینەوەکانی پێشوو، لە چۆنییەتی ڕاڤەکردنی داتاو زانیارییەکان وهاوکێشە ئامارییەکانی بینیوە.
5. ٥-ئامادەکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکەو چۆنییەتی دەرهێنانی ڕاستی و جێگیری ئامرازەکان سودی لێوەرگرتوون.

## بەشی سێیەم:
## ڕێکارییەکانی توێژینەوە

**٣-١:میتۆدی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی (وەسفی) یە ، بۆ (ڕۆڵی ڕێنمایکاری پەروەردەیی لەهۆشیارکردنەوەی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لەشاری سلێمانی دەرباری مادە هۆشبەرەکان)، ، لەگەڵ ئەوەشدا پەنا بردنە بەر بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە سروشتی توێژینەوەکە وادەخوازێت ئەم میتۆدە بەکاربهێنرێت. ئەم جۆرە میتۆدە لە بڵاوترین جۆرەکانی توێژینەوەیە، کە بەکاردەهێنرێت بە ئامانجی دیاریکردنی دۆخی هەنووکەیی دیاردەیەکی دیاریکراو.

**٣-٢:کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لەسەرجەم خوێندکارانی قۆناغی (4-5-6)ئامادەیی لە سنوری پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کەژمارەیان (38523)خوێندکار بوو.

**٣-٣:نمونەی توێژینەوە**

بریتییە لە بەشێك لەو کۆمەڵگایەی کە خەسڵەتێکی هاوبەشی تێدایەو نوێنەرایەتی کۆمەڵگە دەکات توێژەر لە دوای گەڕان و بەدواداچوونی بە توێژینەوەکانی پێشوودا و کتێبەکانی میتۆدی زانستی و ڕاوێژکردن بە پسپۆر و شارەزایان توانی ژمارەی سامپڵی توێژینەوەکەی دیاری بکات، سامپڵی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراوە، ، پێکدێت لە خوێندکارانی قۆناغی (4-5-6)ئامادەیی لەناوەندی پارێزگای سلێمانی، توێژەر (500) فۆڕمی بە شێوەی دەستی و ڕاستەوخۆ بڵاوکردەوە، بەڵام تەنها (472) فۆڕم گەڕایەوە بۆ توێژەر، بەهۆی ئەوەی کە هەندێك بە شێوەیەکی نادروست فۆڕمەکەیان پڕکردبووەوە، کەژمارەیان (28) فۆڕم بوو، لەڕاپرسیەکە دورخرانەوە لە کۆتاییدا تەنها (472) فۆڕمی ڕاپرسی مایەوە وەك نمونەی توێژینەوەکە، کەدەکاتە ڕێژەی (1.2%)ی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

**خشتەی(١)**
**نمونەی توێژینەوە**

| ڕەگەز | نێر | مێ | کۆ |
|---|---|---|---|
| | 212 | 260 | 472 |

**٣-٤-١ ئامرازی توێژینەوەکە:**ئەم بڕگەیە یەکێکە لە پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە ئەم ڕەگەزانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت.

فۆڕمی ڕاوەرگری بۆ پێوەری ڕێنمایکاری پەروەردەیی لەهۆشیارکردنەوەی خوێندکاران دەربارەی ماددە هۆشبەرەکان

لە دوای گەڕان و بەدواداچوونەکانی توێژەردا بە سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشوودا بۆ گۆڕاوی ڕۆڵی ڕێنمایکاری پەروەردەیی (توێژەری کۆمەڵایەتی) لەهۆشیارکردنەوەی خوێندکارانی قۆناغی دەرباری ماددە هۆشبەرەکان، توێژەر سوودی لە چەند سەرچاوەیەکی زمانی کوردی و عەرەبی وەرگرتووە لە ئامادەکردنی پێوەرەکەدا، بۆ ئامادەکردنی پێوەرەکە توێژەر بە توێژینەوەکانی پێشووتردا چووەوە، کە پەیوەندیان بە گۆڕاوی ڕێنمایکاری پەروەردەیی (توێژەری کۆمەڵایەتی)یەوە هەیە دەربارەی ماددە هۆشبەرەکان، دواتر سوودی لە پێوانەی (عید،1996)(مەستەفا، 2014)(عبدالرحیم، 2023) وەرگرت، لە کۆی سوود وەرگرتن لەو توێژینەوانە توێژەر توانی (29) بڕگە دابڕێژێتەوە بە شێوەیەک، کە گونجاو بێت لەگەڵ ئامانج و سنووری توێژینەوەکەدا، کەوەڵامی بڕگەکان بریتی بوو لە(بەڵی ، تارادەیەک ، نەخێر)دواتر بۆ گونجاندنی پێوانەکە لەگەڵ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە چەند هەنگاوێک ئەنجام درا.

**٣-٤-٢:ڕاستگۆی ڕواڵەت**

مەبەست لە ڕاستی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوە، ئایا ئامرازەکە لە ڕووکەش و ڕواڵەتدا تاچەند دیاردەکە دەپێوێت، بۆ ئەو مەبەستەش بڕگە و پرسیارەکان نیشانی چەند کەسێکی پسپۆڕ و شارەزای بوارەکە دەدرێت، بۆ ئەوەی ڕای خۆیان لەسەر یەکە بە یەکەی دەربڕن، بۆدیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان، بۆ ئەو مەبەستە پێوانەکە خرایە بەردەست( 9 )شارەزا و پسپۆڕی (ڕێکاکانی وانەوتنەوە و دەروونزانی پەروەردەیی و پێوانە و هەڵسەنگاندن و ڕێنمایی دەروونی)، هەروەك لەپاشکۆی (1 )ڕوونکراوەتەوە، داوایان لێکراوە ڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان دەربڕن و هەر گۆڕانکاریەك پێیان باشە پێشنیازی بکەن دوای کۆکردنەوەی فۆڕمەکان،بەپێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو بڕگانە مانەوە، کە ڕێژەی ڕێککەوتن لەسەرمانەوەیان، یاخود لابردنیان(90%)بوو، بەم شێوەیە لەکۆی (29)بڕگە (28) بڕگە وەکو خۆیان مانەوە ، سەرباری بوونی هەندێک تێبینی و چاککردنیان لەلایەن توێژەرەوە و ڕاستی گشتی فۆڕمی ڕاوەرگری ڕێنمایکاری پەروەردەیی (توێژەری کۆمەڵایەتی) لەهۆشیارکردنەوەی بۆ پێوانەکردنی مادە هۆشبەرەکان (92%) بوو.

**٣-٤-٣جێگیری: یەکەم: ڕێگەی بەنیوەکردن:**

یە کێکە لەڕێگەکانی دۆزینەوەی جێگیریی ئامرازی توێژینەوە دوای دابەشکردنی فورمەکە بەسەر ئەندامانی توێژینەوەکەدا وەڵامدانەوەی دەبێت بڕگەکانی ڕاپرسیەکە بکرێت بەدوو بەشەوە گروپێکیان هەموو ئەو بڕگانەی کەژمارەکانیان تاکە وەک (1،

3، 5..... )هتد و گروپەکەی تریشیان هەموو ئەو برگانەی ژمارەکانیان جووتە وەک (6.4.2... هتد) دواتر لەڕێی ئامارییەوە هاو کۆڵکە ی پەیوەست بوون لەنیوان برگە تاک و جووتەکاندا دەردەهێنرێت و بەپێی بە هاکەی بریاری بەسەردا دەدرێت. (بوکانی 2020: 158 ) جێگیری پیوانەکەمان بەرێگەی بەنیوەکردن بۆ ئامرازی توێژینەوەکە دۆزیەوە کەهەریەک لە برگە تاک و جووتەکان (28) برگە بوون و ریژە ی جێگیری پیوانەکە بریتی بوو لە (0.76) .

**رێگەی دووەم : هاوکۆلکەی ئەلفاکرۆنباخ Cronbach Alpha-:**

توێژەر بۆ پێوانەی جێگیري برگەکان پشتی بەرێگەی ئەلفاکرۆنباخ بەستووە ، کەیەکێکە لەرێگەکانی دۆزینەوەی دەستنیشانکردنی گونجاندنی ناوەکی ، کەرێژەی جێگیرەی پێوانەکە بریتی بوو (0.91) ئەمەش جێگیریەکی بەرزە.

**٣-٥:جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە:** توێژەر دوای دڵنیابوون لە دروستی و جێگیری ئامرازەکە لە پێناو دەرئەنجامی توێژینەوەکە هەستا بە جێبەجێکردنی ئامرازەکەی بەسەر نموونەی توێژینەوەکە کەخوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی بوون، بۆ ئەم مەبەستەش ماوەی (12) رۆژی خایەند لە (13-2-2024) لەرۆژی سێ شەممە تاکو (25-2-2024) خایاند پاشان زانیاریەکانی ناو فۆرمەکە بەتاڵکرایەوە بە پێی ئەو پلانەی کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکرابوو بە مەبەستی شیکردنەوە و دەرهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە

**٣-٦:ئامرازە ئامارییەکان:**

سوود لە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان ڤێرژنی(26) وەرگیراوە بۆ بەکار هێنانی ئەم ئامرازە ئاماریانەی خوارەوە

تاقیکردنەوەی(t)بۆیەك نموونە(One Sample T-Test).

$$T.test = \frac{\bar{x}+M}{\frac{A}{\sqrt{N}}}$$

تاقیکردنەوەی(t)تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست
(Independent Sample T-Test)

$$T.test = \frac{X_1 + X_2}{\sqrt{\frac{(n_1-1)A_1^2}{n_1+n_2-2} + \frac{(n_2-1)A_2^2}{n_1+n_2-2} * \left(\frac{1}{n_1} + \frac{1}{n_2}\right)}}$$

هاوکێشەی ئەنۆڤا(One way ANOVA).

$$SS = \sum (X - X^{-})^2 = \sum X^2 - \frac{(\sum X)^2}{N}$$

هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person Correlation Coefficient)

$$r = \frac{\sum XY - \frac{(\sum x)(\sum y)}{n}}{\sqrt{\left[\!\left[\sum_X 2 - \frac{(\sum X)^2}{n}\right]\!\right] * \left[\!\left[\sum_Y 2 - \frac{(\sum Y)^2}{n}\right]\!\right]}}$$

## بەشی چوارەم
## خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

ئەم بەشە تایبەتە بە شیکردنەوەی داتاکان و خستنەڕوی ئەنجامەکان بە گوێرەی ریزبەندی ئامانجەکان کە لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا دیاری کراوە و راڤەکردنیان و لەکۆتاییدا راسپاردەو پێشنیاز خراونەتەڕوو.

**٤-١:ئامانجی یەکەم :زانینی ئاستی رۆڵی رێنمایکاری پەروەردەیی (توێژەری کۆمەڵایەتی) لەهۆشیارکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان لای خوێندکارانی ئامادەیی (12-11-10) سنوری سلێمانی.**

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی بەرنامەی(SPSS)و ئامرازی ئاماری(One Sample T-Test) بۆ بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بە ناوەندی گریمانەیی پیوانەکە،لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ناوەندی ژمێرەیی بریتیە لە(52.91) بچوکترە لە ناوەندی گریمانەیی پیوانەکە کە بریتی بوو لە(56)بە لادانی پێوەری(9.22)،هەروەها دەرکەوت بەهای (t)بریتییە لە(-4.918) لە ئاستی بەڵگەداری(0.05)،هەروەك لە خشتەی(1)ڕونکراوەتەوە، واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بە دی دەکرێت ، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە رۆڵی رێنمایکاری پەروەردەیی لەهوشیارکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان لە ئاستێکی نزم دایە.

**خشتەی(١)**
**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی ( یەک نموونە ) بۆ نمرەکانی خوێندکارانی ئامادەیی**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری Sig | ئاستی بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| 472 | 52.91 | 9.22 | 56 | 471 | -4.918 | 1.96 | بەڵگەدارە |

وەک لە خشتەی ژمارە (1) دا دەردەکەوێت کە رێنمایکاری پەروەردەیی لەهۆشیارکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان لای خوێندکارانی ئامادەیی (سامپڵی توێژینەوەکە) بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی نزم دایە ، توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی تاکانی سامپڵی توێژینەوە خاوەندارێتی ئاراستەیەکی نێگەتیڤ دەکەن بەرامبەر چەمکی مادە هۆشبەرەکان ، بۆیە خوێندکاران بۆچونیان وایە توێژەرانی کۆمەڵایەتی رۆڵێکی ئەوتۆ نابینن لە هۆشیارکردنەوەی خوێندکارەکان دەرباری مەترسییەکانی مادده هۆشبارەکان. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ڕاهێنان و زانیاری پێویست و نەبوونی پلانی ستراتیژی ، هەروەها توێژەرانی کۆمەڵایەتی زۆر جار کەرەستە و ماددەی پێویستیان نیە بۆ ئەنجامدانی چالاکی هۆشیارکردنەوە و توێژەرانی کۆمەڵایەتی و زۆر جار سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشە رۆژانەکانی خوێندکارانن. هەروەها هەماهەنگی پێویست لە نێوان توێژەرانی کۆمەڵایەتی و مامۆستایان و بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان نییە، ئەم هۆکارانە وا دەکەن کە رۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران دەربارەی مادده هۆشبەرەکان لاواز بێت.

**٤-٢:ئامانجی دووەم: زانینی ئاستی ڕێنمایکاری پەروەردەیی (توێژەری کۆمەڵایەتی) لەهۆشیارکردنەوەی ماده هۆشبەرەکان لای خوێندکارانی ئامادەیی (10-11-12) (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز:**

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری Independent Sample T-Test)لە ئەنجامدا دەرکەوت،ناوەندی ژمێرەیی ئاستی ئالودەبوون بەتۆرەکۆمەڵایەتییەکان لای ڕەگەزی نێر بریتییە لە(52.71) بەلادانی پێوەری (8.86)،بەڵام لای ڕەگەزی مێ ناوەندی ژمێرەیی گەیشتە(53.06) و بەلادانی پێوەری(9.52)هەروەها بەهای(t)بریتییە لە(0.415) لە ئاستی بەڵگەداری(0.05)بەنمرەی ئازادی(470) هەروەك لەخشتەی(2)ڕونکراوەتەوە، لێرەدا دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی توێژەری کۆمەڵایەتی لەهۆشیارکردنەوەی ماده هۆشبەرەکان بەدی ناکرێت

**خشتەی(2)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t) (دوو نمونە) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز**

| ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| نێر | 212 | 52.71 | 8.86 | 470 | 0.415 | 1.96 | بەڵگەدارنیە |
| مێ | 260 | 53.06 | 9.52 | | | | |

**٤-٣:ئامانجی سێیەم: زانینی ئاستی ڕێنمایکاری پەروەردەیی (توێژەری کۆمەڵایەتی) لەهۆشیارکردنەوەی ماده هۆشبەرەکان لای خوێندکارانی ئامادەیی (10-11-12) (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی لقی خوێندنی (زانستی و وێژەیی)**

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری Independent Sample T-Test)لە ئەنجامدا دەرکەوت،ناوەندی ژمێرەیی ئاستی ئالودەبوون بەتۆرەکۆمەڵایەتییەکان لای لقی زانستی بریتییە لە(56.34) بەلادانی پێوەری (11.73)،بەڵام لای لقی وێژەیی ناوەندی ژمێرەیی گەیشتە(49.54) و بەلادانی پێوەری(9.76)هەروەها بەهای(t)بریتییە لە(2.145) لە ئاستی بەڵگەداری(0.05)بەنمرەی ئازادی(470) هەروەك لەخشتەی(3)ڕونکراوەتەوە، لێرەدا دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی لقی خوێندنی (زانستی و وێژەیی) جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی ڕێنمایکاری پەروەردەیی لەهۆشیارکردنەوەی ماده هۆشبەرەکان بەدی دەکرێت ، کەلەبەرژەوەندەی لقی زانستی دایە.

**خشتەی(3)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t) (دوو نمونە) بەپێی گۆڕاوی لقی خوێندنی (زانستی و وێژەیی)**

| لقی خوێندن | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| زانستی | 307 | 56.34 | 11.73 | 470 | 2.145 | 1.96 | بەڵگەداره |
| وێژەیی | 165 | 49.54 | 9.76 | | | | |

**٤-٣:ئامانجی چوارەم : زانینی ئاستی ڕۆڵی ڕێنمایکاری پەروەردەیی لەهۆشیارکردنەوەی ماده هۆشبەرەکان لای خوێندکارانی ئامادەیی (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن**

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری one way ANOVA)لە ئەنجامدا دەرکەوت، بەهای (f)بریتییە لە (2.205)و بەهای بەڵگەداری (0.111)و نمرەی ئازادی لە نێوان گروپەکان(2)لە ناو گرووپەکان(469)لە ئاستی بەڵگەداری(0.05)،هەروەك لە خشتەی(4)ڕونکراوەتەوە، بەم جۆرە دەردەکەوێت کەجیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدی ناکرێت بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن.

**خشتەی(4 )**

**ئەنجامی شیکاری یەك ئاراستە (ANOVA) بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن**

| ANOVA | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| قۆناغی خوێندن | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازادی | دوجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای(F) | ئاستی بەڵگەداری(Sig) | ئاستی بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
| لەنێوان گروپەکاندا | 373.627 | 2 | 186.814 | 2.205 | 0.111 | بەڵگەدارنیە |
| لەناو گروپەکاندا | 39740.636 | 469 | 84.735 | | | |
| کۆی گشتی | 40114.263 | 471 | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (٤) دا دەردەکەوێت، کەبەهای بەڵگەداری (0.556) ئەژمارکراو گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری، بەم جۆرەش دەردەکەوێت جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی قۆناغی خوێندن لای خوێندکارانی ئامادەیی لەسەر ڕولی ڕێنمایکاری پەروەردەیی لەهۆشیارکردنەوەی خوێندکاران دەربارەی مەترسییەکانی ماده هۆشبەرەکان

## دەرئەنجام

1. ئاستی ڕولی ڕێنمایکاری پەروەردەیی لەهۆشیارکردنەوەی ماده هۆشبەرەکان لای خوێندکارانی ئامادەیی لەقوتابخانەکانی سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی نزم دایە.
2. جیاوازی ئاماری نییە لای خوێندکارانی ئامادەیی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر و مێ) بۆ پێوەری ماده هۆشبەرەکان.
3. جیاوازی ئاماری هەیە لای خوێندکارانی ئامادەیی بەپێی گۆڕاوی لقی خوێندن(زانستی-وێژەیی)بۆ پێوەری ماده هۆشبەرەکان کەلەبەرژەوەندی لقی خوێندنی زانستی دایە.
4. جیاوازی ئاماری نییە لای خوێندکارانی ئامادەیی بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن بۆ پێوەری ماده هۆشبەرەکان.

## ڕاسپاردەکان

1. خولی هۆشیاری بکرێتەوە بۆ توێژەران(ڕێنمایکاران) دەربارەی زیانی مادده هۆشبەرەکان.
2. وەزارەتی پەروەردە گرنگی زیاتر بدات بە توێژەران(ڕێنمایکاران) دەربارەی زیانی مادده هۆشبەرەکان.
3. گرنگیدانی وەزارەتی پەروەردە بە ڕێنمایکاری پەروەردەیی (توێژەرانی کۆمەڵایەتی) و دەروونی لە گشت بوارەکاندا دەربارەی زیانی مادده هۆشبەرەکان.
4. کردنەوەی خول و ڕاهێنان و بەرنامەی تەلەفیزیۆنی فێرکردن بۆ بەرچاو ڕوونی خێزان و پەروەردەکارانی فێرخوازان لەسەر هۆشیارکردنەوەیان لە زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان دەربارەی زیانی مادده هۆشبەرەکان .

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە بەزمانی کوردی


وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان(2020 ) ڕێبەری ڕێنماییکارانی پەروەردەیی ، هەولێر.

سیما، محمد ناصر مستەفا (2012) : بەرگری و بەرەنگاری خووگرتویی مادده هۆشبەرەکان، چاپی یەکەم،

سیوەلی، لقمان (2011 ):سێبەر تلیک، چاپخانەی بینایی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

علی ، محمد قادر(2017 ): کۆمەڵناسی پەروەردەیی، چاپی یەکەم ، هەولێر .

کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروناسان ، 2015 , ڕێبەری کاری توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان ، چ پخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر.

کەریم، عەتای مەلا (2013)،دەرمان و مادە هۆشبەرەکان

هادی، هیمن (2016): خراپ بەکارهێنانی مادەکان (هۆشبەر چییە؟(

همزە، محمود محمد (2022)، ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییە حکومی و نا حکومییەکان.

احمد شوقی عثمان( 2015) ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی شاری هەولێر : توێژینەوەیەکی مەیدانییە ، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە ، پێشکەشی بەشی کۆمەڵناسی ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین کراوە.

وێبسایتی فەرمی زانکۆی القادسیة (https://qu.edu.iq/art/?page id=50) سەردانیکرا لە 2024/3/14.

وێبسایتی زانکۆی سلێمانی بەغداد (https://coeduw.uobaghdad.edu.iq/?page id=15011)سەردانیکرا لە 4202/3/14.

وێبسایتی فەرمی زانکۆی سلێمانی ( http://hum.univsul.edu.iq/) سەردانیکرا لە 2024/4/2.


### سەرچاوە بەزمانی عەرەبی


حسن احمد عبدالمنعم ( 1996) اصول البحث العلمي ( الجزء الاول ) ، مكتبة الاكاديمية ، القاهرة.

حسن، احمد عبدالمنعم ( 1996): اصول البحث العلمي ( الجزء الاول ) ، مكتبة الاكاديمية ، القاهرة.

صالح، مصلح احمد (١٩٩٩ ): قامووس مصطلحاه العلوم الاجتماعية- الشامل، الرياض : دار العلوم الكتاب الطباعة والنشر والتوزيع، الرياض، السعودية.

عيد، حنان عيد محمد(1996) : دراسة مقارنة لدور الاخصائي الاجتماعي في المدارس الحكومية و الخاصة ، رسالة ماجستير غير منشورة,مقدمة الى قسم الخدمة الجتماعية ، جامعة القاهرة، مصر.

محمد، هيمن عبدالله (٢٠٠٨): جرائم المخدرات و صبل مكافحتها في القانونين الداخلی و الدوالی ، رسالة ماجستر غير منشورة مقدمة الى القانوا- جامعة الكوية، قەزای کۆیة.

مصطفى، محمدي عباس قادر ( 2020): تحديات الخدمة الاجتماعية المدرسية و تطبيقاتها في إقليم كردستان العراق، دراسة ميدانية في مدينة أربيل ، اطروحة دكتوراه غير منشورة ، مقدمة الى قسم علم الاجتماع ،كلية الاداب ، جامعة بغداد.


### سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی


Gobby brad J ( 2017 ) :powers of curriculum: sociological perspectives on education , edited by Rebecca walker , oxford university press .

IASSW( 2020) :Illinois State Board of Education & Illinois Association of School Social Work, School Social Work Best Practice Guide, 3rd ed, 2020.

Nasw(2014) : national association of social works: nasw standards for school social worker services , usa , nasw press.

United Nations ( 1950): Universal Declaration of Human Rights Adopted and Proclaimed by the General Assembly of the United Nations on the Tenth Day of December 1948, Final Authorized Text. New York.


### سەرچاوە بەزمانی فارسی


نظارت، ناصر(2012): موادخانمان سوز اعتیاد، چاپ اونلاین، برگرفته از سایت گنگره 60، ایران.


**پاشکۆ(1)**

**فۆرمی شارەزایان**

| ناوی شارەزا | پسپۆڕی | پلەی زانستی | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|
| د.نیزام عبدالجبار حسین | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆر | زانکۆی سلێمانی |
| د.حسن فخرالدین خالد | دەرونزانی پەروەردەیی | پرۆفیسۆر | زانکۆی سلێمانی |
| د.سلوی احمد امین | پێوانەوهەڵسەنگاندن | پرۆفیسۆر | زانکۆی سەلاحەدین |
| د.ستار جبار حاجی | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆر | زانکۆی دهوک |
| د.شوان فرج سعید | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆر | زانکۆی گەرمیان |
| د.مناضل عباس قاسم | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی گەرمیان |
| د.کریم احمد عزیز | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی گەرمیان |
| د.احمد علی حمە | ئەدەبی منداڵان | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی |
| د.عادل محمد نوری | دەرونزانی پەروەردەیی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی |